Kurdish

# بەخێرهاتن بۆ دۆنکاستەر هۆمچۆیس
# (Welcome to Doncaster HomeChoice)

**دۆنکاستەر هۆمچۆیس** (Doncaster HomeChoice) بریتیە لە سیستەم و ڕێگەیەکی نوێی پێدان و وەرگرتنی خانووبەرەکانی کاونسڵ لە دۆنکاستەر. لە جیاتی ئەوەی چاوەڕوانی بکەیت کە ئێمە سەبارەت بە خانووبەرەپێدان پەیوەندییت پێوە بکەین، تۆ خۆت دەتوانیت لە ڕێگەی ئەم سیستەمەوە داواکاریی بۆ خانووبەرەیەک کە بە دڵتە و دەخوازیت پێتبدرێت، پێشکەش بکەیت.

ئەمە سیستەمێکی بە کرێدانی ئارەزوومەندانەیە، واتە تۆ خۆت دەتوانێت هەڵبژێریت کە لە چ خانووبەرەیەکدا و لە چ گەڕەکێکدا بژیت. سیستەمی بە کرێدانی ئارەزوومەندانە ڕێگە و ئیختیاری زیاتر دەخاتە بەردەستی هاوڵاتیان و، شەفافیەتی زیاترە کە بە هۆیەوە تۆ دەتوانیت لەسەر بناغەی زانیاریی پێویست بڕیاری خۆت بدەیت و ئەو خانووبەرەیەی دەتەوێت هەڵبژێریت. ئێمە نامیلکەیەکمان بە ناوی **هەڵبژاردنی ناوچەیەک** ئامادە کردووە کە زانیاریی دەربارەی ناوچەکانی دۆنکاستەر تێدایە و بۆ ئەوەیە کە کارەکەت بۆ ئاسانتر بکات.

تۆ هەموو هەفتەیەک دەتوانیت بە یەکێک لە ئەم ڕێگانە داواکاریی بۆ ئەوپەڕی سێ خانووبەرە پێشکەش بکەیت، لە ڕێگەی ئەم ماڵپەڕەی ئینتەرنێتەوە یان لە ڕێگەی سیستەمی پەیامگری تەلەفۆنییەوە لەسەر ژمارە تەلەفۆنی 6235 027 0800 وە یاخود لە ڕێگەی ناردنی تێکست بۆ ژمارەی 771 484 07781.

بۆ ئەوەی بتوانیت داخوازی بۆ خانووبەرە پێشکەش بکەیت دەبێت ناوی خۆت لەگەڵ **دۆنکاستەر هۆمچۆیس** تۆمار بکەیت و ناونووس بکرێیت. ئەگەر تۆ ئێستاکە ناوت لە لای **دەزگای سەینت لێجەر هۆمسی دۆنکاستەر** (St Leger Homes of Doncaster) تۆمار کراوە، ئەوا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ناوت لە لای **دۆنکاستەر هۆمچۆیس** تۆمار دەکرێت.

بۆ ئەوەی دابینکردنی خانووبەرە بە گوێرەی پێداویستییەکانی داواکارەکان بێت، **چوار باندی (پۆلینی)** جیاواز دیاریکراوە: Platinum (پلاتینیۆم)، Gold (گۆڵد)، Silver (سیلڤەر) یان Bronze (برۆنز). بە پێی ئەم سیستەمە نوێیەی پێدانی خانووبەرە، تۆ بە گوێرەی پێداویستییەکانت یەکێک لە ئەو باندانەت بۆ دەستنیشان دەکرێت. ڕیزبەندییت بۆ وەرگرتنی خانووبەرە لەسەر بناغەی زانیاریی و وردەکارییەکانی داواکارییەکەت دەبێت. دەتوانیت داواکاریی بۆ ئەو خانووبەرانەی باندەکەی خۆت پێشکەش بکەیت. ئەگەر زیاتر لە یەک کەس داوای هەمان خانووبەرە بکەن، ئەوا سەرەتا دەدرێت بە ئەو کەسەی کە زووتر خۆی ناونووس کردووە یان ئەوەی کە بەرواری تۆمارکردنی زووتر دەستپێکردووە.

**لیستی خانووبەرە چۆڵەکان** لە کاتژمێری 00.01ی سەرەتای ڕۆژانی پێنجشەممە بڵاو دەکرێتەوە و لە کاتژمێری 11.59ی کۆتایی شەوی ڕۆژانی دووشەممە دادەخرێت. ئەمجا هەر کە ماوەی پێشکەشکردنی داخوازیی تەواو بوو، لیستی ناوی هەموو داواکارە سەرکەوتووەکان بۆ هەر کام لە خانووبەرەکان ئامادە دەکرێت و ڕۆژی چوارشەممە یان پێنجشەممەی پاش داخستنی ڕێکلامی خانووبەرەکان، پەیوەندیی بە ئەو کەسانەوە دەکرێت.

ئەمجا ئێمە هەموو هەفتەیەک **لیستی ئەو خانووبەرانەی** کە هەفتەی پێشتر بە داواکارە سەرکەوتووەکانمان داوە بڵاودەکەینەوە.

## یارمەتیدانت سەبارەت بە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم خزمەتگوزارییە

ئەگەر تۆ خۆت یان کەسێکی ناسیاوی ترت، دەربارەی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم سیستەمە نوێیە پێویستی بە یارمەتی هەیە، ئەوا تکایە لەسەر ژمارە تەلەفۆنی 862628 01302 پەیوەندییمان پێوە بکە وە یاخود بڕۆ بۆ بەشی **contact us** **(پەیوەندییکردن بە ئێمەوە)** لەسەر ئەم ماڵپەڕە و بۆ ئەو مەبەستە بەکاریبهێنە.

بۆ دڵنیاییکردن لەوەی کە هەموو کەسێک دەتوانێت زانیارینامە و نووسراوەکانمان بخوێنێتەوە و لێیان تێبگات، ئەگەر داوامان لێبکرێت ئێمە دەتوانین ئەم زانیاریانە بە زمانە جۆراوجۆرەکان، بە برێل (شێوازی نووسینی نابینا)، لەسەر شریتی دەنگ یان بە چاپی پیتی گەورە دابین بکەین.

بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەم خزمەتگوزارییە، تکایە پەیوەندیی بە تیمی هەمەجۆریی (دایڤێرسیتی تیم) بکەن لەسەر:

ژمارە تەلەفۆنی: 862739 (01302)

ئیمێڵ: